بەدڵنیاییەوە، خودا وپێغەمبەرەکەی فرۆشتنی مەی ومردارەوەبوو وبەراز وبتەکانیان حەرامکردووە

لە جابری کوڕی عبداللەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- کە گوێی لە پێغەمبەری خودا بوو -صلى الله عليه وسلم- لە سااڵی (فەتحی مەککە) لە مەککەدا دەیفەرموو: «بەدڵنیاییەوە، خودا وپێغەمبەرەکەی فرۆشتنی مەی ومردارەوەبوو وبەراز وبتەکانیان حەرامکردووە». ووترا: ئەی پێغەمبەری خودا، ئەی چی سەبارەت بە چەوری (ئاژەڵی) مردارەوەبوو، بۆ ڕووپۆشینی کەشتیەکان بەکاردێت، وبۆ ڕووپۆشینی (چەورکردنی) پێستەکان بەکاردەهێنرێت ، وخەڵکی بۆ مەبەستی ڕۆشنایی بەکاریدەهێنن (واتا وەکو مۆم بۆ ڕووناککردنەوە)؟ فەرمووی: «نەخێر، حەرامە»، پاشان پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- لەوێدا فەرمووی: «نەفرەتی خودا لە جولەکەکان، خودا چەوری -بەزی- (ئاژەڵی) لەسەریان حەرامکرد، بەڵام ئەوان تواندیانەوە، وفرۆشتیان ونرخەکەیان خوارد».

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری]

جابری کوڕی عبداللە -ڕەزای خوایان لێبێت- گوێی لە پێغەمبەری خودا بوو -صلى الله عليه وسلم- لە سااڵی (فەتحی مەککە) لە مەککەدا دەیفەرموو: اللە وپێغەمبەرەکەی فرۆشتنی مەی -سەرخۆشکەر- ومردارەوەبوو وگۆشتی بەراز وبتیان حەرامکردووە، ووترا: ئەی پێغەمبەری خودا، ئایا حەاڵڵە بەزی -چەوری- مردارەوەبوو بفرۆشین؟ چونکە بۆ ڕووپۆشینی کەشتیەکان بەکاردێت، وپێستەکانی پێ چەور دەکرێت، وخەڵکی بەکاریدێنن بۆ کارکردنی چراکانیان، فەرموو: نەخێر، فرۆشتنی حەرامە، پاشان پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: خوای گەورە جولەکەی لەناوبرد ونەفرەتی لێکردن، کاتێك خوای گەورە بەزی ئاژەڵەکانی لەسەر حەرامکردن ؛ ئەوان تواندیانەوە پاشان فرۆشتیان ونرخەکەیان خوارد.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/4556

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee